
# کاتی پشوو لە لای نەنکی




Violet Otieno

Catherine Groenewald

Agri Afshin


kurdiska (sorani)


nivå 4



ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ لەگەڵ باوکیان لە شار دەژیان. ئەوان چاوەڕوانی هاتنی پشوویان دەکرد. نەك لەبەر ئەوەی قوتابخانە داخرێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانهەویست سەردانی نەنکیان بکەن. ئەو لە گوندێکی شوێنی ماسی گرتن لە نزیك دەریاچەیەك دەژیا.




ئۆدۆنگو و ئاپیۆ خۆشحاڵ بوون لەبەر ئەوەی کاتی ئەوە بوو کە دوبارە سەردانی نەنکیان بکەنەوە. شەوی پێشتر کەل و پەلەکانیان لە جانتای هاویشتن و خۆیان ئامادە کرد بۆ گەشتێکی دورودرێژ بۆ گوندەکەی نەنکیان. ئەوان خەویان لێ نەکەوت وبە درێژای شەو سەبارەت بە پشوەکە قسەیان کرد.




بەرەبەیانی زووی ڕۆژی داهاتو ئەوان بە ئوتۆمبیلی باوکیان بەرەو گوندەکە بەڕێکەوتن. ئەوان بە لای چیاکان و ئاژەڵە کێویەکان و کێڵگە چاییەکاندا لێیانخوڕی. ئەوان ئوتۆمبیلەکانیان دەژمارد و گۆرانیان دەگوت.



دوای ماوەیەك منداڵەكان ماندوو بوون و خەویان لێكەوت.



باوکیان، ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆی کاتێک گەیشتنە گوندەکە لە خەو هەستاند. ئەوان چاویان بە "نیار- کانیادا"، نەنکیان کەوت کە لەسەر حەسیرێك لەبن دارێك پشووی دەدا. نیار-کانیادا بە زمانی "لو" بە مانای "کچی گەلی کانیادا" دێت. ئەو ژنێکی بە توانا و جوان بوو.




نیار-کانیادا بە خێرهاتنی کردن و لە خۆشحاڵیان لە ژوورەوە دەستی بە سەما کردن و گۆرانی گوتن کرد. نەوەکانی زۆر بە خۆشحاڵیەوە چاوەڕێی ئەوە بوون هەتا هەرچی زووە ئەو دیاریانەی بدەنێ کە لەشارەو لەگەڵ خۆیان هێنابوو. ئۆدۆنگۆ گوتی: "لە پێشدا دیاریەکەی من بکەوە." ئاپیۆش گوتی: نا، دیاریەکەی من لە پێشدا بکەوە!"



پاش ئەوەی کە ئەو دیاریەکانی کردەوە، نیار-کانیادا بە پێی داب و نەریتەکانی خۆیان سوپاس و پێزانینی ئاراستە کردن.




دوایە ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ چوونە دەرێ. ئەوان شوێن پەپوولەو باڵندەکان کەوتن.



ئەوان چوونە سەر دارەکان و لە ناو بەنداوەکەش گەمیان بە ئاو دەکرد.



کاتێك کە تاریکی داهات ئەوان بۆ نان خواردنی ئێوارە بۆ ماڵەوە گەڕانەوە. پێش ئەوەی خواردنەکەیان تەواو بکەن خەویان لێ کەوت!



رۆژی دواتر باوکیان گەڕایەوە بۆ شار و منداڵەکانی لە لای نیار-کانیادا بەجێ هێشت.



ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ لە کاروبارەکانی ماڵەوە یارمەتی نەنکیان دا. ئەوان ئاو و داریان دەهێنا. ئەوان لە کۆخی مریشکەکان هێلکەکانیان کۆکردەوە و سەوزیەکانیشیان لە باخچەکە لێدەکردەوە.



نیار-کانیادا فێری نەوەکانی کرد کە چۆن "ئۆگالی" نەرم دروست بکەن و لەگەڵ شۆرباو بیخۆن. ئەو پێشانی دان چۆن "برنجی نارگیلی" دروست بکەن تا لەگەڵ ماسی برژاودا بیخۆن.



بەیانیەک ئۆدۆنگۆ مانگاکانی نەنکی بردە دەرەوە تا بیانلەوەڕێنێ. ئەوان بۆ ناو کێڵگەی هاوسێکەیان چوون. وەرزێڕەکە لە ئۆدۆنگۆ تووڕە بوو. ئەو هەڕەشەی لێکرد کە مانگاکانی بۆ خۆی ببات، لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی ئەویان خواردووە. لەپاش ئەو ڕۆژەوە کوڕەکە بەڵێنی دا کە جاریکی دیکە مانگاکان کێشە دروست ناکەن.



ڕۆژێکی دیکە منداڵەکان لەگەڵ نەنکیان چوونە بازار. ئەو کۆگایەکی هەبوو کە سەوزە و شەکر و سابونی تێدا دەفرۆشت. ئاپیۆ پێی خۆش بوو نرخی شتەکان بە کڕیارەکان بڵێت. ئۆدۆنگۆش ئەو کەرەستانەی کە کڕیارەکان کڕیبویان بۆیانی دەپێچاوە.



لە کۆتایی ڕۆژەکە ئەوان پێکەوە چاییان خواردەوە. ئەوان یارمەتی نەنکیان دەدا لە هەژمارکردنی ئەو پارانەی کە بەدەستی هێنابوو.



بەڵام کاتی پشوودان تەواو بوو و منداڵەکان دەبێ بۆ شار بگەڕێنەوە. نیار-کانیادا کڵاوێکی بە ئۆدۆنگۆ و بلوزێکی بە ئاپیۆ دا. ئەو خواردنیشی بۆ سەفەر بۆ ئامادە کردن.



کاتێك باوکیان بە دوایاندا هات کە بیانباتەوە، ئەوان نەیاندەویست کە ئەوێ بە جێ بێڵن. منداڵەکان داوایان لە نیار-کانیادا کرد کە لە گەڵیان بۆ شار بچێ. ئەو پێکەنی و گوتی: "من بۆ ژیان کردن لە شاردا زۆر پیرم. من چاوەڕوانی ئێوە دەبم کە سەرلەنوێ بۆ گوندەکەم بگەڕێنەوە."



ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ زۆر بەگەرمی هەردووکیان لە ئامێزیان گرت و ماڵئاویان لێکرد.



کاتێ ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ بۆ قوتابخانە گەڕانەوە، ژیانی گوندەکەیان بۆ هاوڕێکانیان باس کرد. هەندێك لە منداڵەکان پێیان وابوو کە ژیان لە شار خۆشە. هێندێکیشیان پێیان وابوو گوند خۆشترە. بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوە بوو کە گشتیان پێیان وابوو کە ئۆدۆنگۆ و ئایپۆنەنکێکی زۆر باشیان هەیە.

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## کاتی پشوو لە لای نەنکی

Skriven av: Violet Otieno
Illustrerad av: Catherine Groenewald
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på många språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.